

# هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم
# بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان

راپۆرت/ شوان بەرزنجی

لەدونیای ئەمڕۆدا پیس بوونی ژینگە مەسەلەیەکی گرنگی جیهانییە و وڵاتان بەجۆرەها شێواز رووبەڕووی ئەوحاڵەتانە دەبنەوە کەوا کاریگەری دەبێ لەسەر ژینگەی گشتی، بەتایبەت ئەو مەترسیانەی کەلەڕێگەی چالاکیە پیشەسازی و ئابووریەکان دروست دەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەچەندین شێوە لەڕێگەی وەزارەتی ژینگەوە هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆئەوەی چالاکیەپیشەسازی و ئابووریەکان بەتایبەت کارگەکان بەپێی ستاندەری ژینگەیی بێت و ئەوەندە کاریگەری نەکاتە سەر ژینگە، لەم راپۆرتەدا هەندێ لەهەوڵەکانی وەزارەتی ژینگە لەم بارەیەوە دەخەینە ڕوو:

## دەرکردنی یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە

وەزارەتی ژینگە بۆ رووبەڕووبونەوەی مەترسیەکانی پیس بوونی ژینگە توانی پرۆژە یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە بەهاوکاری چەند وەزارەت و دامەزراوەیەکی تایبەت بخاتەڕوو کە دواجار بەپێی بڕیاری ژمارە 8 ئەو یاسایە لەساڵی 2008 لەپەرلەمانی کوردستان بەکۆمەڵێک مادد و بڕگەی گرنگی یاسایی پەسند کرا، لەم یاسایەدا لەچەندین ماددە و برگەدا مەسەلەی گرنگیدان بەژینگەی پیشەسازی و کەرتی تایبەت و سزادان بەژینگەی پیشەسازی و کەرتی تایبەت و سزدانی سەرپێچیکاران خراوەتە ڕوو، ئەمەوێڕای پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بۆ بەدواداچونی چالاکیەکانی کەرتی تایبەت، هەرچۆنێک بێت ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگی پاراستنی ژینگە بوو لەکوردستاندا بەتایبەت بۆ رێکخستنەوەی سەرجەم چالاکیەکان بەیاسا.

### بۆجێبەجێکردنی یاساکە

لەدوای دەرچونی یاساکە وەزارەتی ژینگە کەوتۆتەخۆی بۆئەوەی برگەو ماددەکانی یاساکە لەڕێگەی بڕیارو راسپاردە و پێکهێنانی لێژنەی تایبەت جێبەجێ بکات و ئیجرائاتی خۆی بکات و کاری جدی بۆ بکات بۆئەوەی قۆناخ بەقۆناخ یاساکە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگ بداتەوە و جێبەجێ بکرێت لێرەدا ئێمە ئەو بڕیارو لێژنانە دەخەینە ڕوو کە بۆ چالاکیە پیشەسازیی و ئابووریەکان لە بواری پاراستنی ژینگە کاری بۆ کراوە.

### پێکهێنانی تیمی چاودێری

بەپێی فەرمانێکی وەزارەتی ژینگە بڕیاری پێکهێنانی پێنج تیمی چاودێری ژینگەیی دراوە بۆ پشکنینی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و سزادانی ئەوانەی سەرپێچی مەرجەکانی پاراستنی ژینگە دەکەن لە پرۆژەکانیاندا لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی تەکنیک و خۆپاراستنی لە تیشک لە وەزارەتی ژینگە پێی راگەیاندین بە فەرمانی وەزیری ژینگەو بە پشت بەستنی بە یاسای پاراستنی ژینگە پێنج تیمی چاودێری ژینگەی پێکهاتووە کە ئەرکەکەی پشکنین و چاودێری کردنی چالاکیەکانی ئەو کەرتانەیە کە کاریگەریان هەیە بۆ سەر ژینگە بەتایبەت کارگەو دامەزراوە ئابووریەکان. ئەو بەرپرسەی وەزارەتی ژینگە ئەوەشی گوت ئەو تیمانەی چاودێری مافیان هەیە بچنە هەموو دامەزراوە و کارگەو پرۆژە جیاوازەکان بەمەبەستی پشکنینان و وەرگرتنی چەند نموونەیەک لێیان بۆ دڵنیابوون لە رادەی پیادەکردنی مەرجە ژینگەییەکان بەپێی قسەکانی نەباتی پێویست خاوەنی پرۆژەکان رێگە بەو تیمانە بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان و وەرگرتنی زانیاری پێویست بەپێی زانیاریەکانی نەباتی ئەو پێنج تیمەی چاودێری ژینگە لە هەموو پارێزگاکان بە جیاکاریان بەڕێوە دەبەن و سەرجەمیشیان بەستراونەتەوە بە وەزیری ژینگە و وەزارەت و دامەزراوەکانی تریش هاوکاری سەرخستنی تیمەکان دەبن بۆ ئەوەی چالاکیە ئابووریەکان بە تایبەت پیشەسازیەکان دووبارە رێکبخرێنەوە.

### فەرمانی سزادانی سەرپێچی کاران

دوا بەدوای پێکهێنانی ئەو تیمە چاودێریانە بەپێی بڕیارێکی تری وەزارەتەکە چەند رێوشوێنێکی تر گیراوەتە بەر بۆ سنووردانان بۆ هۆکارەکانی پیسکردنی ژینگە لەلایەن کارگەو خاوەن پرۆژە تایبەتیەکان، بەتایبەت ئەوانەی دەبنەهۆی پیس کردنی ژینگە. لەم بارەیەوەش مونیزنەباتی ئەوەی گووت: بەپێ ی چەند رێوشوێنێکی یاسایی لەدوای ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لەسەرچاوەی پیس کردنی ژینگەو باش گوێنەدان بەئاگادارکردنەوەوماوەی لادانی کاتی سەرپێچیەکە ئەوە وەزارەتەو بەرێوەبەرو بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆیان هەیە سزای ماددی کارگەوپرۆژەکان بدەن، وەئەوەش ڕاگەیاند وەزارەت بۆی هەیە سەرپێچیەکار بداتە دادگاو کارگەکەشی پێ دابخات و سزای مادیش بدات کەلە (10)ملیۆن دینار ئەوپەری سزادەدرێت و بەرپرسیاریەتی یاسایی و سزایی دەکەوێتە ئەستۆ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ماوەیەکی پێ دەدرێت بۆئەوەی بتوانێ ئەوهۆکارە لابەرێت کەژینگەپیس دەکات ئینجا دوای ئەوە سزادەدرێت و دوچاری دادگا دەکرێتەوە.

### بەر لەپرۆژەکان وەزارەتی ژینگە دەبێ ئاگاداربێ

لەلایەکی تر بۆئەوەی ئەو پرۆژەو کارگانەی کەلەبواری سەرمایە گوزاری و بازرگانیش پێچەوانەی یاسانەبن وەزارەتی ژینگە داوای لەوەزارەت کان و دەستەی وەبەرهێنان کردوە کەلەکاتی دامەزراندن هەرپرۆژەیەک وەزارەتی ژینگە ئاگادار بکەنەوە. بەپێ ی بڕیاری 2079ی وەزارەتی ژینگە پێویستە بەر لەدەست بەکاربوونی هەرپرۆژەیەک توێژینەوە و هەلسەنگاندن بکرێ لەبواری کاریگەری شوێنەواری ژینگەکەئەمەش ئەرکی وەزارەتی ژینگەیەو دەبێت لێ ی ئاگاداربکرێتەوە کەکۆمەڵی داواکاری و فۆرمی زانیاری لەخۆ دەگرێت بەپێ ی بڕیارەکە ئەوەی شێوەک پرۆژەکەش ڕادەگیرێت.

ئەم هەنگاوانەی وەزارەتی ژینگە گرنگی بە تایبەتی ئەگەر بارودۆخی ئابووری پیشەسازی تیایدا بەهەندوەربگیرێ چونکە ناکرێت سزاو رێوشوێنەکان بەشێوەیەک بێت پرۆژەکان بوەستن و دابخرێن کەئەمەش بێگومان زیانی زۆری ئابووری دەبێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە کارەکان بەیاسایی و بەقۆناغ بکرێ و نزیک بێ لەواقیع.

**پرۆژە یاسای چاککردن و پاراستنی ژینگە بەهاوکاری چەند وەزارەت و دامەزراوەیەکی تایبەت بخاتەڕوو کە دواجار بەپێی بڕیاری ژمارە 8 ئەو یاسایە لەساڵی 2008 لەپەرلەمانی کوردستان بەکۆمەڵێک مادد و برگەی گرنگی یاسایی پەسند کرا، لەم یاسایەدا لەچەندین ماددە و برگەدا مەسەلەی گرنگیدان بەژینگەی پیشەسازی و کەرتی تایبەت و سزادان بەژینگەی پیشەسازی و کەرتی تایبەت و سزدانی سەرپێچیکاران خراوەتەڕوو.**

### زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا...

# کاریگەری خراپی لەسەر پیسبونی ژینگەدا

زیاد بوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا، گەلێک ئەنجامی خراپی لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ژینگە دروست کردووە، هەرچەندە بۆتە هۆی ئاسانیی هات وچۆ و گواستنەوە و کورت کردنەوەی کاتیش. لەم بوارەشدا زۆربەی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ئەو گاز و پاشماوانەی کە لە ئۆتۆمبێل دەردەچێت لەگەڵ نەخۆشیەکانی دڵ و هەناسە و دروست بوونی ئاژاوەو گرفتی بیستن لە مرۆڤ و ئەوگەرمایەی کە لێوەی دەردەچێت کە بۆتە هۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەمین، هەروەها زۆر پشت بەستنیش بە ئۆتۆمبێل لە هاتووچۆ وای لە مرۆڤ کردووە جووڵەی ڕۆژانەی کەم بێتەوە و ئەمەیش بێگومان زیانبەخش دەبێت بۆ تەندروستی.

**گرنگترین ئەو پێکهاتە زیانبەخشانەش کەلە ئۆتۆمبێل دەردەچێت بریتی یە لە:**

ووردە ماددەی ڕەقی زۆر بچووک و دلۆپی شل، کە توانای هەڵپەساردنیان هەیە لە هەوا بۆماوەیەکی درێژ و دووریی زیاتر لە سەدان کیلۆمەتر و زۆر بەئاسانی مرۆڤ هەڵیاندەمژێت و دەچێتە ناو موولولە ووردەکانی سیەکان و دواتر گرفتی نەخۆشی بۆ دروست دەبێت، هەندێک لێکۆڵینەوەش لەم بارەیەوە دەریانخستووە کە قەبارەی ئەو ماددە ووردانە ئەگەر زیاتر بێت لە ( 10مایکرۆمیتر بۆ تیرە) ئەوا ڕێژەی نەخۆشی دڵ و سینگ و مردن زیاد دەبێت.

کرداری جوولان و ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێل کە لە ئەنجامی سووتانی بەنزین یان گاز لە ناو بزوێنەرەکەیدا دروست دەبێت، پاشماوەی بە هەڵم بووی گازی لێوە دەردەچێت و تێکەڵ بە هەوا دەبێت کە ( ئۆکسجین و نایترۆجین و هایدروکاربۆنەکانە)کە لە ئەنجامیشدا (ئاو و یەکەم و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەروەها ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و هایدرۆکاربۆنی نەسووتاو) دروست دەبێت، کرداری کارلێکردنی هایدرۆکاربۆنات و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین لەگەڵ تیشکی خۆر دەبێتە هۆی دروست بوونی ئۆزۆن، کە ئەمەیش ناسراوە بە و ماددەی کە کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئەو چینانەی دەوروبەری گۆی زەمین کە دەمانپارێزن لەو تیشکە زیانبەخشانەی لە خۆرەوە دێن، ئەمەیش دەبێتە هۆی هەڵئاوسانی چاو و سیەکان و قورس بوونی کرداری هەناسە و لە هەموشیان زیانبەخشتر هایدرۆکاربۆنەکانە کە هۆی سەرەکی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن و لیمفەکان و ئێسکن، هەروەها یەکەم ئۆکسیدی کاربۆنیش کاردەکاتە سەر توانای خوێن بۆ گواستنەوەی ئۆکسجین، لێکۆڵینەوەکانیش دەریانخستووە کە ڕێژەی ئەم نەخۆشیانە زیاترە لە و ئۆتۆمبێلانەی بە گاز کاردەکەن بە ڕێژەی ?45%وە ئەوانەی لە ناو ئۆتۆمبێلەکانیش دانیشتوون زیاتر تووش دەبن لەوانەی لەدەرەوەیدان بە ڕێژەی 2بۆ .5

جۆرەکانی کاردانەوەی ئەم ماددە زیانبەخشانەش لەسەر مرۆڤ بەم شێوەیە دەبێت:

کاردانەوەی لەسەر تەندروستی دەروونی: ئەمەیش لەبەر بوونی قورقوشم ( رصاص) لە ناو ئەو پاشماوانەی لە ئۆتۆمبێلەوە دەردەچێت،وە لەدوای هەشتاکان زانرا کە زیاد هەڵمژینی ئەو ماددەیە کاردەکاتە سەر مێشکی مرۆڤ و گەشەکردن و بیرکردنەوە و چالاکی ڕۆژانە.

کاردانەوەی لەسەر بیستن و ئاژاوەی دەنگ: کە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی و نەتوانینی خەوتن و خوێندن و دواتر دروست بوونی نەخۆشی دڵ و پەستانی خوێن.

کاردانەوە لەسەر چالاکی ڕۆژانە: ئەوەش لە کاتی تێکچوون ی گواستنەوە و کەمتر جوڵان ی لەشی مرۆڤ و هەروەها ترسان لە دەرچوونی منداڵ بۆ دەرەوەی ماڵ لەبەر کارەساتی ئۆتۆمبێل، کە ئەمانە هەمووی گرفتی ڕۆژانە و دابەزینی ئاستی ژیان دروست دەکات.کاردانەوەی لەسەر ژینگەی دەوروبەر: کە ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دروستی دەکەن وەک لەسەرەوە باسمان کرد کە دەبنە هۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەمین و توانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەکان و دواتر دروست بوونی لافاو و هەروەها ئۆکسیدەکانی نایترۆجینیش دەبنە هۆی بارینی بارانی ترشەلۆکی کە دەبێتە هۆی لەناو چوونی ڕووەک و ماسی دەریا و ڕووبارەکان، بێجگە لەمەیش دەبێتە هۆی دروست بوونی تەم و مژی ترشەلۆکی کە گرفتی بینین بۆ فرۆکەوانان دروست دەکات.بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کوشندانە لەهەموو لایەکی جیهان هەوڵ و کۆشش هەیە و بەردەوام لێکۆڵینەوە و کۆنگرە و هۆشداری دەردەکرێت و لەم ماوەیەشدا وڵاتانی یەکێتی ئاوروپا لیستێکیان دەرکردووە بۆ سنووردار کردنی ئەو پاشماوانەی کە لە ئۆتۆمبێلەکانەوە دەردەچێت و سزایان داناوە بۆ کۆمپانیا بەرهەمێنەکانی ئۆتۆمبێل لە کاتی ڕوودانی سەرپێچی، هەروەها بڕیاریان داوە کە تا ساڵی 2012ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە 160گرام بکەنە 120گرام بۆ هەر کیلۆمەترێکی ڕۆیشتن.

هەروەها لە لایەکی تریشەوە وڵاتی سویسرا، داهێنەران بەپاڵپشتی نووسینگەی فیدرالی بۆ ژینگە، هەڵستاون بە دارشتن و دروست کردنی ئامێرێک بۆ ئەو بزوێنەرانەی بە گاز ئیش دەکەن وەک بارهەڵگرە مەزنەکان و ئامێرەکانی بینا و هۆیەکانی گواستنەوە، کە بەمەیش پاشماوەی گازەکانی ئۆکسیدی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دادەبەزێت بە ڕێژەی ?90%بۆ ئەمەش بەڕێوەبەری بەرپرس لە دروست کردنی ئەم ئامێرە ( هایری هافنار) دەڵێت بیرۆکەی کارکردنی ئەم ئامێرە بریتی یە لە دانانی پاڵاوتنی بەهێز بۆ هەڵمژینی گەردی قورس و دانانی ماددەیەک بۆ هەڵمژینی ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

**ئا/ تەلعەت حەمەد ئەحمەد**

**سەرچاوە/ ئەنتەرنێت**



## ئەم باڵندە خەمخۆرە بناسە

### ئەبلەقەی داماو

ئەبڵەقەی داماو یاخود (الابلق الحزين )باڵندەیەکی بچووکەو درێژەیەکەی دەگاتە 14سم و سەربە بنەماڵەی ڕەشوێڵەییەکانە، نێرەومێ یەکان کت و مت(دەقاودەق) لێک دەچن هاوشێوەن، تووکی سەریان سپیە، بەڵام پشت و هەردووباڵی ڕەشن، سنگ و زگ بن زگیان هەرسپیەکەچی دەندووک و قاچیان رەشە، سپیلکی چاوەکانیان قاوەییە، ناوەزانستیەلاتینیەکەی بریتیەلە **oenan the luqens** ئەم باڵندەیە بەزۆری وڵاتانی وەک میسر و لێوارەکانی دەریانی سوورو وڵاتی شام وئۆردن و دورگەی عەرەبی جێگرە بەڵام لەهاویناندا لەزۆربەی ناوچە دەشتاییە پرئاوو کانیاوەکان و لەبەیارو مێرگەکانی کوردستاندا دەبینرێ و هێلانەکەشی لەقەدپاڵ و بناری کەندەڵانی بەرامبەر سەرچاوە ئاوییەکان دروست دەکات



**ئا/ لەتیف قادر نانەکەلی**